ئەردۆغان و سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ئەمەریکا کۆبوونە

سەرک کۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و سەرۆکوەزیرانی عێراق، مەحەممەد شەیاع سوودانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات، هەروەها ژمارەیەک پرسی هەرێمی و جیهانیان تاوتوێ کرد.

ئەردۆغان لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی 79هەمینی خولی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک، لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق، مەحەممەد شەیاع سوودانی کۆبووە.

فەرمانگەی پەیوەندییەکان سەر بە سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا ڕاگەیاندراوێکی لەبارەی ناوەڕۆکی دیدارەکەی نێوان ئەردۆغان و مەحەممەد شەیاع سوودانی بڵاوکردەوەو تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە لە دیدارەکەدا، پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان تورکیا و عێراق، هەروەها ژمارەیەک پرسی هەرێمی و جیهانی تاوتوێ کراون.

ڕاشیگەیاندووە کە لە دیدارەکەدا، ئەردۆغان جەختی لەوە کردووەتەوە کە تورکیا و عێراق وەک دوو وڵاتی دراوسێ هەنگاویان بەرەو باشترکردنی هاریکارییەکانی نێوانیان ناوە کە سوودی بۆ هەردوو وڵات و ناوچەکە دەبێت، بە تایبەتیش لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان و هاریکاریی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا.

بەپێی ڕاگەیاندراوەکە، ئەردۆغان جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەوڵی زیاتر بدات لە پێناو ڕێگریکردن لە هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ پەرەسەندنی ململانێیەکان لە ناوچەکە.